# چۆن بەرەنگاری هێرشی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی ببینەوە

✍ سماحة الشيخ: عبد العزيز بن باز رحمه الله
**وەرگێڕانی: م/ عبدالوالي عبدالرحيم علي**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

یەکێك لەبەهێزترین ڕێگاکانی دوژمنانی ئیسلام بریتییە لەهۆیەکانی ڕاگەیاندن بەهەموو بەشەکانییەوە وەك بواری خوێندنەوە و بیستن و بینین، هەروەها هۆیەکی تر لەوانە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و دەستکاری کراو کە دەبێتە هۆی چاندنی خراپە و ئاژاوە و فیتنە و هۆکانی ڕق لێ بوونەوە و دووبەرەکی لە نێوان موسڵماناندا.

وە لە گرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی موسڵمانان بە گشتی و زانایانی ئایینی و پیاوانی ڕاگەیاندن ـ ئەوانەی بەویژدانن بەتایبەت ـ ئەوەیە کە ڕێگری بکەن لەو هەڵمەتە ڕقاوییانەی کە بەسود وەرگرتن لە ڕووداوەکان هەڵدەستن بە وورووژاندنی گومان و لابردنی متمانە لە نێوان موسڵماناندا چ لەڕووی تاکە کەسەوە بێت یاخود وەکو کۆمەڵگا، دەسەڵات دار بێت یاخود خەڵکی ژێر دەسەڵات.

وە ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ساڵانەدا بەشێوەیەکی تایبەت ئەوەیە کە زۆربەی ئاژانسەکانی هەواڵە جیهانییەکان کە خزمەتی پیلانەکانی دوژمنانی ئیسلام دەکەن و ملکەچن بۆ ناوەندەکانی ڕابەرایەتی گاور و ماسۆنییەت خەریکی پیلان دانانن بە شێوازێکی فێڵاوی بۆ وورووژاندنی جیهان بەگشتی لە دژی ئەوەی کە ناوی دەبەن بە (الأصوليين) بەڵام ئەوان مەبەستیان لەمەدا زەم کردن

و تــوانج دانــه لــەو موســڵمانانەی کــە بەڕاستی شوێن کەوتەی دینی ئیسلامن و پەیوەســتن پێــوەی لەســەر بنــچینە ڕاستەکانی، وە بەکردەوە دەیسەلمێنن، وە نزیــك خــستنەوەی ڕەت دەکەنــەوە لەگەڵ ئایینە درۆین و پڕوپوچەکان.

وە بەڕاســتی هەنــدێك لــە پیــاوانی ڕاگەیانــدنی ئیسلامی شــوێنی دوژمنــان کــەوتون، وە خــەریکن بــە بڵاوکردنــەوەی ئەو هەواڵانەی کە دژایەتی ئیسلام دەکەن و هەڵدەستن بــە هێنــان و بردنــی لــەنێوان خۆیانــدا کــە بــێ ئاگــان لــە مەبەســتی خاوەنــەکانیان بــە هــۆی هــەر هۆیەکــەوە بێــت، ئەمانــە بــەم کارەیــان بوونەتــە یارمەتیــدەر بــۆ دوژمنــانی ئیــسلام و موسڵمانان، لە جیاتی ئەوەی هەستن بە جێبەجێ کردنی ئــەرکی سەرشــانیان لــە ڕێگــرتن لــە دوژمنــانی ئیسلام و پوچــەڵ کردنــەوەی فــڕ و فێڵــەکانیان، ئــەوەیش بــەوە دەبێــت کــە گرنگــی یــەکگرتوویی ئــــایینی و برایــــەتی ئیــــسلامی ڕوون بکەنەوە، وە ئاشکرای بکەن کە هەڵەی تاك - کە هیچ کــەس لێ ی بــەدوور نیــیە - نابێت بکرێت بە هۆیەك بۆ ناشیرین کردنی ئیــسلام و موســڵمانان، و دوو بــەرەکی خستنە نێوانیان، هەر لەبەر ئــەم هۆیانــە بــە باشــم زانــی هەستم بــە نوسینی ئــەم چــەند ووشــەیە بــە کــورتی وەکــو ئامۆژگاریيەك بۆ موسڵمانان بە گشتی و پیــاوانی ڕاگەیانــدن و خــەڵکانی تــر لــە وولاتــانی ئیــسلامی جگــە ئیــسلامی بــە تایبــەت، هــەروەها وەکــو ئاگــادار کردنەوەیــــەك لــــە هــــەموو چەواشــەکاریيەکانی ناحــەزان لــە بــێ باوەڕان و دووڕووەکان و هــەموو ئەوانــەی لەسەر ڕێبازی ئەوان دەڕۆن.

پێویستە پیاوانی ڕاگەیاندنی ئیسلامی ئەرکی پاراستنی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لــە هــەموو بەشــەکانیدا بگرنــە ئەســتۆ کــە بریتین لە خوێندراو و بیستراو و بینراو.

بــۆ ئــەوەی نەبێتــە هۆیــەك بــۆ گومــان پەیــدا کــردن لــەم دینــە و ئەوانــەی بانگەوازی بــۆ دەکــەن، یــاخود ڕاگەیانــدن بەکاربهێنن بۆ دووبەرەکی خستنە نێــوان زانایــانی ئــەم ئومەتــە و گەلــەکانیان، وە ئەوانــەی کــە ئامۆژگــاری چاکە دەکــەن و دڵسۆزن بۆ خەڵکی، وە نەبنە هۆی توند و

تیژی و ڕق و کینە لە نێوان دەسەلآت دار و خەڵکانی ژێر دەسەلآت.

پێویستە ئەوەی کە لە توانایاندا هەیە بیخەنە گەڕ بۆ نزیك خستنەوە و خۆشەویستی لە نێوان موسڵمانندا و یەك خستنی دەنگیان، و بانگەوازی حاکم و مەحکوم بکەن بۆ دەست گرتن و پەیوەست بوون بەدینەکەیانەوە و بەردەوام بوون لەسەری و حوکم و یاسای خوای گەورە جێبەجێ بکەن لە نێوان بەندەکانیدا و ڕاسپاردەیشیان هەر ئەمە بێت.

وە هاوکاری یەکتر بکەن لە شێوازی چاك و ئامۆژگاری بەسوود و تێکۆشەرانە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان واتقوا الله إن الله شديد العقاب﴾ [الـمائدة: ٢].

واتە: هاوکاری و یارمەتی یەکتری بدەن لە سەر چاکە و لەخوا ترسان، بەلآم هاوکاری و یارمەتی یەکتری مەدەن لە سەر خراپە و تاوان و دژایەتی کردن، چونکە بەڕاستی سزای خوای گەورە زۆر سەختە.

ووشەی( البر) ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو کردەوەیەك کە خوای گەورە پێی خۆشە و لێ ی ڕازییە جا ئاشکرا بێت یاخود نهێنی، وە ئەگەر پەیوەست بێت بە مافی خواوە یاخود مافی مرۆڤەکان.

وە ووشەی (التقوی)ش ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ وازهێنان لە هەموو ئەو کردەوانەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕقیان لێ یە، ئاشکرا بێت یاخود نهێنی، وە هەموو ئاکارێك لە ئاکارەکانی چاکە و خێر کە فەرمان کراوە بە جێبەجێ کردنی، وە بە پێچەوانەوە ئاکارە خراپەکان کە فەرمان کراوە بە وازهێنان لێ ی.

بەندە دەبێت خۆی جێبەجێی بکات، وە بە یارمەتی برایانی باوەڕداری ئیتر بەقسە هەڵی بنێن بۆ ئەو کارە یان وای لێ بکەن کە چالاك بێت لە جێبەجێ کردنیدا.

﴿ولا تعاونوا على الإثم والعدوان﴾.

واتە: وازهێنان و دورکەوتنەوە لە تاوان و یارمەتی نەدانی یەکتری لەسەری چونکە دەبێتە هۆی تاوان بارببوونی خاوەنەکەی.

﴿**الْعُدْوَانِ**﴾: بریتی یە لە دەست درێژی کردنە سەر خەڵك لە ڕووی خوێن ڕشتن یان ماڵ و سامان یان ناموس، چونکە هەموو ستەم و تاوانێك پێویستە لەسەر بەندەی خوا خۆی لێ بپارێزێت و نەیکات، وە یارمەتی خەڵکانیش بدات هەتا وازی لێ بهێنن[1].

وە خوای گەورە لە سورەتی (العصر)دا دەفەرمێت:

﴿والْعصرِ إِن الْإِنسانَ لَفي خسرٍ إِلا الذين آمنوا وعملُوا الصالحات وتواصوا بِالْحق وتواصوا بِالصبرِ﴾.

واتە: خوای گەورە سوێند دەخوات بە کات، کە بریتیە لە شەو و ڕۆژ، وە جێی کردەوەی بەندەکانە و دڵنیایان دەکاتەوە کە هەموو مرۆڤەکان لە زەرەر مەندیدان کە دژی سەرکەوتوویی و بردنەوەیە، وە زەرەر کردن چەند پلەیەکی جیاوازی هەیە: لەوانەیە زەرەرەکە بە تەواوەتی بێت وەکو حاڵی ئەو کەسەی کە دونیا و قیامەتیشی دۆڕاندووە، وە ناز و نیعمەتی بەهەشتی لە دەست چووە، وە لەوانەیە لەچەند ڕوویەکەوە زەرەر و زیان بێت و لەهەندێ ڕووی ترەوە وا نەبێت، هەر بۆیە خوای گەورە بەگشتی دەفەرمێت هەموو ئادەمیزاد لەزیاندان تەنها ئەوانە نەبێت کە ئەم چوار سیفاتەیان تێدایە:

١ ـ **باوەڕهێنان** بەوەی کە خوای گەورە فەرمانی کردووە باوەڕمان پێی هەبێت، وە ئەمەیش ڕوو نادات هەتا زانیاریت نەبێت بەوەی کە دەتتەوێت باوەڕی پێ بهێنیت، کەواتە زانست بەشێکە لە ئیمان.

٢ ـ **کردەوەی چاك**: ئەم سیفەتە هەموو کارێکی خێرو و چاکە دەگرێتەوە، ئاشکرا بێت یان نهێنی، مافی خوای گەورە بێت یان مافی ئادەمیزادەکان، لە هەموو کارێك واجب بێت یان ڕێگە پێدراو بێت.

٣ ـ **ڕاسپاردەکردن و بانگەواز کردن** بۆ حەق (کە باوەڕ هێنان و ئەنجامدانی کردەوەی چاکە) کە بەهاندان و هاریکاری کردنی یەکتری دەبێت.

٤ ـ **ڕاسپاردەکردن وبانگەواز کردن بۆئارام گرتن**، ئارام گرتن لەسەر سێ شت دەبێت:

*ئارام گرتن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە.

---

(١) انظر: تيسير الكريم الرحمن للسعدي .

* ئارام گرتن لەسەر نەکردنی تاوان.

* ئــــارام گـــــرتن لەســــەر ئـــەو چارەنوسانەی کە توشی مرۆڤ دەبێت بە بڕیاری خوای گەورە.

کەواتــە بــە دوو خــاڵی یەکــەم مــرۆڤ دەتوانێـت کـەم وکوڕییـەکانی خـۆی پـڕ بکاتـــەوە، وە بـــە دوو خاڵەکـــەی تـــر دەتوانێت کـەم و کـوڕی خـەڵکانی تـر پـڕ بکاتەوە.

وە مـرۆڤ دەتوانێـت بـەهۆی جێبـەجێ کردنی چوار خاڵی ئاماژە پێکراو خۆی لە زەرەرمەندی ڕزگار بکات و سەرکەوتوویی بەدەسـت بهێنێـت، کـە ئەمـە گـەورەترین قازانجە[٢].

وە پێغەمبـــــەر (ﷺ) دەفـــــەرمێت: ((الدين النصيحة، قيل: لـمن يا رسول الله؟ قال: لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المـسلمين وعامتهم))[٣].

واتـــە: ئـــایینی ئیـــسلام هـــەمووی ئامۆژگارییـــە، هـــاوەڵانیش فـــەرموویان ئامۆژگارییە بۆ کێ؟ فەرمووی بـۆ خـوای گـــەورە، ئـــەویش بەجێبـــەجێکردنی بیروبـاوەڕێکی ڕاسـت بـە یەکخواپەرسـتی خـــوای گـــەورە و نیـــەت پـــاکی لـــە پەرسـتنیدا، هـەروەها جێبـەجێ کردنـی فەرمانـــەکانی و دورکەوتنـــەوە لــــە قەدەغەکراوەکانی.

وە ئامۆژگارییە بـۆ پەرتوکەکـەی کـە مەبەست پێی قورئـانی پـیرۆزە، ئـەویش بەوە دەبێت کە باوەڕمان پـێی هـەبێت و بیخوێنینـــەوە و لێـــی تـــێ بگـــەین و کردەوەی پێ بکەین.

وە ئامۆژگـاری یـە بـۆ پێغەمبەرەکـەی کە مەبەست پێی (محمد)ە (ﷺ) ئەویش بەڕاست زانینی و گوێڕایەڵی کردنی لەوەی کە فەرمانی پێ کردووین، وە خـۆ بـەدوور گرتن لەوەی قەدەغەی کردووە لێمان.

وە ئامۆژگارییـــە بـــۆ پێـــشەوای موسـڵمانان، ئـەویش بـەوە دەبێـت کـە پێمان خۆش بێت باش و ژیر و دادپەروەر بن، وە پێمان خۆش بێت هـەموو خـەڵکی لەچاکەدا گوێڕایەڵیان بکەن.

وە ئامۆژگارییە بۆ هەموو موسڵمانان بە گشتی، ئەویش بەوەی ڕێنمونی بکرێن بـۆ بەرژەوەندییـەکانیان، وە بەسـۆز و بـەزەیی بـین لەگـەڵ بـچوکدا و ڕێـز لـە

(٢) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو .

(٣) صحيح مسلم رقم: (١٩٤) .

گەورەكان بگرين، وە غەمبار بين بە ناخۆشی موسڵمانان، وە خۆشحاڵ بين بە خۆشيان.

(جرير بن عبد الله البجلي ﵁) دەفەرمێت:

((بايعت رسول الله على إقام الصلاة، وإيتاء الزكاة، والنصح لكل مسلم))[٤].

واتە: بەيعەتم دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە بەردەوام بم لە سەر نوێژەكانم، و زەكاتی ماڵم بدەم، و ئامۆژگاری خێری هەموو موسڵمانان بكەم.

ئامۆژگاری و وەسێتم بۆ زانايان و بانگەوازكاران و پشتيوانانی حەق ئەوەيە كە دوور بكەونەوە لە رێ ئيوان و خۆئيشاندان چونكە دەبێتە هۆی زەرەر و زيان گەياندن بە بانگەوازی ئيسلام و هيچ سودێكی پێ ناگەيەنێت، وە دووبەرەكی دەخاتە نێوان موسڵمانانەوە و ئاژاوە و ئاشوب دروست دەبێت لە نێوان كاربەدەستان و خەڵكيدا، چونكە ئەوەی پێويستە بريتيیە لە گرتنە بەری ئەو هۆكارانەی كە دەمانگەيەنێتە حەق و ئەو شێوازانە بەكار بهێنين كە سودبەخشە و زيان بەخش نیيە، وە يەكگرتنی لێ دەكەوێتەوە و جياوازی دروست ناكات، وە بانگەوازی ئيسلام بڵاودەكاتەوە لە نێوان موسڵماناندا، ئەمەيش ڕوون كردنەوەی ئەو كارانەی كە پێويستە لەسەر خەڵكی جێبەجێی بكەن لە رێگەی كتێب يان كاسێتی بەسوود و كۆڕی سوودمەند، يان بەهۆی ووتاری ڕۆژی هەينیيەوە كە مەبەست تێيدا نيشان دانی ڕاستیيەكانە و بانگ كردنی خەڵكیيە بۆی، وە دەرخستنی خراپە و بەتاڵە و ورياكردنەوەی موسڵمانانە لێی .

لە گەڵ ئەمانەيشدا ئەنجام دانی ئەو سەردانانەی كە بە قازانج بۆ دەسەڵات داران و لێ پرسراوان دەگەڕێتەوە، وە ئامۆژگاری كردنيان بە نووسين يان بەقسە بەشێوەيەكی لەسەرخۆ و نەرم و نيان، وە بە شێوازێكی ژيرانە، هەروەكو خوای گەورە لەوەسفی پێغەمبەرەكەی دا (ﷺ) دەفەرمێت:

﴿فَبِما رحمة من الله لنت لَهم ولَو كُنت فَظا غَليظَ الْقَلْبِ لَانفَضوا من حولك﴾ [آل عمران: ١٥٩] .

---

(٤) صحيح البخاري رقم: (١٣٣٦) وصحيح مسلم رقم: (١٩٧) .

واتـــە: ئـــەوە ڕەحمـــەتی خـــوای پـەروەردگارە کـەوای لـەتۆ کـردووە کـە نەرم و نیانی بنوێنیت، خۆ ئەگەر دڵ ڕەق و توڕە بوویتایە ئەوا هەموویان لە دەورت نەدەمان و بەجێتیان دەهێشت .

هــەروەها کاتێـك کـە خـوای گـەورە موسی و هارونی (عليهما الصلاة والسلام) نـارد بۆ لای فیرعەونی بێباوەڕ پێیانی فەرموو: ﴿فَقُولَا لَه قَولًا لَينا لَعله يتذَكر أَو يخشى﴾ [طـــه: ٤٢] .

واتـە: بـڕۆن بـۆ لای فیرعــەون، ئــەو سـنوری خـوای گـەورەی بەزانـدووە لـە بێبـاوەڕی و یـاخی بـوون و سـتەم و دژایەتیدا .

﴿ فَقُولَا لَه قَولًا لَينا﴾.

واتـە: بـە ئاسـانی و بەسـۆز و نـەرم و نیانی و ئەدەبی گفتووگۆ کـردن، دوور لـە قـسەی خـراپ و نـاخۆش، وە دوور لــە تـــوڕەیی لەقـــسەدا و دڵ ڕەقـــی لـــە کردەوەدا.

﴿لَعَلَّهُ﴾ بەڵکو بـەهۆی قـسەی نـەرم و نیانەوە ﴿ يَتَذَكَّرُ﴾ بیربکاتەوە لەوەی کە قـــازانجی بـــۆی هەیـــە ﴿ أَوْ يَخْـــشَى﴾ بگەڕێتـەوە و بترسـێت چـونکە ئەگـەر واز بهێنێت هیچ زەرەر ناکات(٥) .

پێغەمبــەری خـــوا (ﷺ) دەفــەرمێت: ((بشروا ولا تنفروا، ويسروا ولا تعـسروا، وتطاوعوا ولا تختلفوا))(٦) .

واتــە: مــژدە بــەخش بــن و خـــەڵك مەترسـێنن و ڕاویـان مـەنێن، وە ئیـسلام ئاسانەو بە ئاسـانی ڕایبگەیـەنن و لەسـەر خەڵكی قورس مەکەن، وە کۆك و تەبا بـن و دوو بەرەکی مەخەنە نێوانتانەوە.

هەروەها دەفەرمێت:

((إن الرفق لا يكون في شيء إلا زانه ولا ينـزع من شيء إلا شانه))(٧) .

واتە: نەرم و نیانی لەهەر شتێکدا بێـت دەبێتە هۆی جوان کردن و ڕازانەوەی ئەو شـتە، وە ئەگـەر نـەرم و نیـانی تێـدا دەر بهێنرێت دەبێتە هۆی ناشیرین بوونی.

هەروەها دەفەرمێت: ((من يحرم الرفـق فقد حرم الـخير كله))(٨) .

(٥) انظر: تيسير الكريم الرحمن للسعدي .
(٦) صحيح البخاري رقم: (٤٣٤٣) وصحيح مسلم رقم: (٥١٨٢) .
(٧) صحيح مسلم رقم: (٢٥٩٤) .
(٨) صحيح مسلم رقم: (١٥٩٢) .

واته: هەر کەسێك بێبەش بکرێت لە نەرم و نیانی ئەوا بێبەش کراوە لە هەموو چاکە و خێرێك .

هەروەها دەفەرمێت: ((اللهم من ولي من أمر أمتي شيئا فرفق بهم فارفق به، اللهم من ولي من أمر أمتي شيئا فشق عليهم فاشقق عليه))[٩].

واتە: خوایە هەر کەسێك بوو بە لێپرساو و کاربەدەست بەسەر ئوممەتەکەمەوە لەهەر کارێکدا وە نەرم و نیان بوو لە گەڵیاندا خوایە تۆیش بەڕەحم و بەزەیی بیت لەگەڵیدا، وە هەرکەسێك کاروباری ئەم ئوممەتەی گرتە دەست و خراپ بوو لە گەڵیاندا و کاری قورس دەکرد لەسەریان خوایە تۆیش کاری لەسەر قورس بکە و ناڕەحەتی بکە.

داواکارم لە خوای پەروەردگار کە کاروباری هەموو موسڵمانان باش بکات و قسە و گوفتاریان لەسەر حەق کۆبکاتەوە، وە سەرکردە و دەسەڵات داران ئیصلاح بکات و سەرکەوتویان بکات بۆ جێبەجێ کردنی حوکم و یاسای خوا و شەریعەتەکەی، وە ڕازیان بکات لەسەری وەهایان لێ بکات کە حوکمی خوا پێش هەموو جۆرە یاسا و دەستورێك بخەن، و دینەکەی پێیان سەر بخات، وە وشە و ناوی خۆی بەوان بەرز ڕابگرێت، وە یارمەتییان بدات لە هەموو کارێکدا کە خێروچاکەی تێدایە بۆ دونیا و دوا ڕۆژیان، وە سەرکەوتویان بکات بۆ خۆش گوزەرانی گەلەکانیان و ڕزگاربوونیان لە دونیا و دوا ڕۆژدا، وە داواکارم لە خوای گەورە یارمەتی زانایانی ئیسلام و بانگەوازکارانی بدات بۆ ئەوەی هەستن بەجێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی کەلە ئەستۆیاندایە وە بەو شێوەیە بێت کە خوای گەورەپێی ڕازییە، وە بەرەکەت بخاتە هەموو هەوڵ و تێکۆشانیانەوە، وە حەقیان پێ سەر بخات، وەیارمەتییان بدات بۆ هەموو کارێك کە چاکە و خۆشی گەل و وڵاتی تێدایە هەر ئەو بە توانا و بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين.**

(٩) صحيح مسلم رقم: (٤٦٩٩) عن عائشة رضي الله عنها.